# چونکە من کوردم    ئەحمەد دەشتی

گیانە وا لێرە من وەکو شـــــــەمم
لە دوری خاک و یـــاران پڕ خەمم
وا  ژاری مـــــارە خواردن و جەمم
وێل و سـەرگەردان دڵ پڕ لە تەمم

دەروونم پڕ جـــۆش بۆ دیداری تۆ
ســـــەیری چـــاوانم دەریایە بۆتۆ
دڵی دووردووڕی چـــاوی جوانی تۆ
وا بوویـــتە پیـــری مەیگەدە بۆتۆ

هۆ وەڵاتەکـەی ڕووگەی ئەویـنـــم
هەتـــــوانی هەموو ژان  و بریـنم
هـەتا نێمـــەوە ناوئامێزی گەرمت
دیارە شـــــــین و زاری و گرینم

ئەی  وەڵاتەکەی بـــاوەڕی ژینـــم
ئـــــارەزووی دڵی تـــــەژی برینم
دوریت ئـــــاوازی گریە و نەمانمە
من ئۆخەم نابێنابم شادیت نەبینم

تا تێر نەنۆشـــــم هەوای پاکی تۆ
سەربەخۆ و ڕزگار نەبێ خاکی تۆ
مەحـــالە دڵ و ژینم بســــــرەوێ
تابڵنــــد نەبێ ئاڵای خـــاکی تۆ

لەم تاراوگەیە دڵ بۆت شــــەیدایە
لەم دوورە دوورەت هێـــزم نەمایە
دەبێ بێـــــــمەوە باوەشی گەرمت
گەر وا بمێنم ژینـــم فـــــــەنایە

هەر بــــۆیە کەوا پیاڵە  هـاوڕێمە
وا ســـــــاقی هەردەم یارو لە ڕێمە

چونکه گولخەنە ژیـــانی غوربەت
بۆیەکە برین هاوڕێی جەســـــتەمە

گەردوونی بەدفـــەر بۆمن پڕ خارە
هەموو سات دژی شـــادی هەوارە
گولیش نابیـــــنم کە بێ چقل بێ
هەر دڕکە لە ژێر پاشـــــم دیارە

نەیاران هاتوون بۆ پەرێشـــــانیم
بۆ ڕاو کردنم و بۆ ســـەرگەردانیم
ئێستاکەش وێلی تاراوگـەو دووریم
چونکە من کوردم وابێ سـەبووریم

ســــاڵەهای ساڵە دەچەوسێمەوە
بەبێ وەڵات و ژین دەبــــــڕێمەوە
بەدەست ناکەسـان خاکم لەتلەتە
لەوســـاوەی هەمە ژینم حەسرەتە

تازیی و تورک عەجــــەم پێکەوە
هەر یەکگرتوونە کـــورد ببڕێتەوە
قەتدۆستیکوردوکوردستانمانانین
کورد دەبێ بۆخۆی ژیانی بێنێتەوە

هەردەبێ ڕۆژێ من بێـــمەوە لات
سەربەخۆببێ گشت خـاکی وەڵات
داگـــــیرکەران و نەیار تورِ بدرێن
بشەکێنمەوە  ئالای خاکی وەڵات

❊

پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی کە هەر کوردن